من له هەمووتان زیاتر لە خودا دەترسم و لە هەمووتان باشتر خودا دەناسم

لە عائیشەوە (دایکی ئیمانداران) -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: هەرکاتێک پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی بە موسڵمانان بکردایە؛ فەرمانی پێدەکردن بەو کردەوانەی؛ کە بە پێی توانا بتوانن ئەنجامیان بدەن، ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئێمە وەکو تۆ نین، خودا لە گوناهی ڕابردوو و داهاتووت خۆش بووە، بۆیە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- تووڕە بوو وئەمە لە ڕوخساریدا دیار بوو، پاشان فەرمووی: «من له هەمووتان زیاتر لە خودا دەترسم و لە هەمووتان باشتر خودا دەناسم».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري) ڕیوایەتی کردووە]

دایکی باوەڕداران عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کاتێک فەرمانی بە خەڵکی دەکرد بە کارێک لە کارەکان؛ فەرمانی بەوە دەکرد کە ئاسانە لەسەریان نەک قورس و ناڕەحەت، لە ترسی ئەوەی نەوەك نەتوانن بەردەوام بن لەسەری، و خۆیشی بە هەمان شێوە؛ کاری بە ئاسانترەکە دەکرد هەروەکو چۆن فەرمانی پێدەکردن، بەڵام ئەوان داوایان لێدەکرد کە ئەرکی قورسیان پێ بسپێرێت، چونکە پێیان وابوو کە پێویستیان بە زێدەڕۆیی هەیە لە ئەنجامدانی کردەوەدا بۆ بەرزبوونەوەی پلەکانیان. دەیانووت: ئەی پێغەمبەری خودا، حاڵی ئێمە وەک حاڵی تۆ نییە، چونکە خوای گەورە لە گوناهەکانی پێشوو و داهاتووی تۆ خۆش بووە، ئەویش تووڕە دەبوو هەتاوەکو تووڕەییەکەی لەسەر ڕووخساری دەردەکەوت، پاشان دەیفەرموو: بەڕاستی من لە هەمووتان زیاتر لە خوا دەترسم و زاناترم سەبارەت بە ئەو، بۆیە ئەوە ئەنجام بدەن کە فەرمانتان پێدەکەم.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65121